دەرباز کەسرەت رەسوڵ: لە کۆبوونەوەکانی دوێنێ نەچووینە وردەکاریی بابەتەکانەوە

دەرباز کەسرەت رەسوڵ رایدەگەیەنێت، لە کۆبوونەوەکانی دوێنێ نەچووینە وردەکاریی بابەتەکانەوە، هیوادارم لە گفتوگۆکان، بەرژەوەندییە کەسییەکان بخرێنە ئەولاوە و لایەنەکان بەرژەوەندیی هاوڵاتییان لەبەرچاو بگرن.

دەرباز کەسرەت رەسوڵ، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانێکدا رایگەیاند، ”کۆبوونەوەی دوێنێ باش بوو، هەردوولا لەگەڵ یەکتری راشکاوبووین، ئەوان تێڕوانینی خۆیان هەیە و ئەمەش تێڕوانینی خۆمان هەیە، ئومێدەوارین بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێنە ئەرکی لەپێشینە“.

وتیشی، ”لە کۆبوونەکە نەچووینە وردەکارییەوە، چونکە لەپێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، کۆبوونەوەکانی نێوانمان هەڵپەسێردرابوون، ئێستا دۆخێکی دیکەیە و دەسیەی هەرێمی کوردستان و بەغدادمان لەبەردەستە، ئەو خاڵە ناکۆکانەی هەمانن قووڵ نین، بەڵام تێڕوانینی جیاجیامان هەبوو لەسەر ئەوەی چۆن بتوانین دەسیەی هەرێمی کوردستان و بەغداد تێهەڵکێشی یەکتری

بک□ین“.

باسی ل□و□شکرد، ”ب□ه□ی ئ□و نات□بایی□ی ل□ چ□ند سا□ی رابردوو ه□بوو، ک□م□□□ک مافی د□ستووری ه□ر□می کوردستان ل□لای□ن حکوم□تی ع□راق□و□ پ□ش□لکراو□ و د□ستی ب□س□رداگیراو□“.